ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
**PAY**

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی
**NED**

# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی سێیەم

## (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦)

# راپۆرتی پێنجەم

*- ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (**PAY**) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە

*- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (**NED**) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم – باڵەخانەی لوارا – نزیك پردی خەسرەو خاڵ
تەلەفۆن: 07701564576 - 07701465733
ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.comsarwary74@yahoo.com -
فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

مافی بڵاوكردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٦

ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێكخراوە نا حكومییەكاندا وەرگرتووە

## ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................ ٥
هەڵسەنگاندنێکی رەوشی پەرلەمان لە ماوەی خولی پاییزەدا ........................................ ٦
یەکەم: پرۆسەی یاسادانان ........................................ ٦
خشتەی (١) ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی خولی پایزەی پەرلەمان ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ ........................ ٨
خشتەی (٢) ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەپێی فراکسیۆنەکان خولی پایزە پەرلەمان ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ ........................................ ٩
خشتەی (٣) ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥ ........................................ ١٠
دووەم: چاودێری حکومەت ........................................ ١١
خشتەی (٤) بانگهێشت و میوانداری و لێپرسینەوەی وەزیرەکان لە لایەن پەرلەمانەوە ........................................ ١١
سێیەم: پەسەندکردنی بودجە ........................................ ١٢
ئەنجامی ئەم سێ ئەرکەی پەرلەمان ........................................ ١٢
لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ........................................ ١٤
یەکەم: نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان ........................................ ١٤
خشتەی (٥) لیژنەی کاروباری یاسایی ........................................ ١٥
خشتەی (٦) لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری، وەبەرهێنان ........................................ ١٦
خشتەی (٧) لیژنەی ناوخۆ وئاسایش وئەنجومەنە خۆجێییەکان ........................................ ١٧
خشتەی (٨) لیژنەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان ........................................ ١٨
خشتەی (٩) لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت ........................................ ١٩
خشتەی (١٠) لیژنەی پەروەردەوخوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی ........................................ ٢٠
خشتەی (١١) لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە ........................................ ٢١
خشتەی (١٢) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ومنداڵ وخێزان ........................................ ٢٢
خشتەی (١٣) لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ........................................ ٢٣
خشتەی (١٤) لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن و شوێنەوارەکان ........................................ ٢٤
خشتەی (١٥) لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ........................................ ٢٥
خشتەی (١٦) لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی ........................ ٢٦
خشتەی (١٧) لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ........................................ ٢٧
خشتەی (١٨) لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان ........................................ ٢٨
خشتەی (١٩) لیژنەی ئاسەوار و، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە وگەیاندن و گەشت وگوزار ........................ ٢٩
خشتەی (٢٠) لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر ........................................ ٣٠
خشتەی (٢١) لیژنەی وەرزش و لاوان ........................................ ٣١
خشتەی (٢٢) لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) ........................................ ٣٢
خشتەی (٢٣) لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی ........................................ ٣٣

خشتەی ( ٢٤ ) لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ..... ٣٤
خشتەی ( ٢٥ ) لیژنەی کاروباری پەرلەمان ..... ٣٥
خشتەی ( ٢٦ ) لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی ..... ٣٦
تێبینی لەسەر پێکهاتەی لیژنەکان ..... ٣٧
خشتەی ( ٢٧ ) ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ٢٠١٦/٢/٢٩ ..... ٣٩
دووەم : کۆبوونەوەی لیژنەکان ..... ٤٠
خشتەی ( ٢٨ ) ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان خولی دووەمی پایزە ٢٠١٥ ..... ٤٠
هۆکاری کۆنەبوونەوەی لیژنەکان ..... ٤٢
خشتەی ( ٢٩ ) پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگ دا خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان ..... ٤٧
پەرلەمانی کوردستان لەماوەی شەش مانگدا تێبینییەکان لەسەر شەش مانگی کاری خولی پاییزەی پەرلەمان ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ ..... ٤٨
ئە نجام ..... ٥٠
پێشنیار و راسپاردەکان ..... ٥١
پاشکۆی ( ١ ) هەڵسەنگاندنێکی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەری کردوون ..... ٥٢
پاشکۆی ( ٢ ) پوختەی کاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا ( ٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٦/٢/٢٩ ) ..... ٥٥

# پێشەکی

پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت، قەیرانگەلێك بەرۆکی گرتووە و رووبەڕووی مەترسی گەورە بووەتەوە، لەلایەك مەترسی دەرەکی و شەڕی گروپی تیرۆریستیی داعش، لەلایەکی ترەوە گرژی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا و بڕینی بودجەی هەرێم و دروستبوونی قەیرانی دارایی و بێ موچەیی، سەرباری ئەمانە قەیرانی سیاسیی نێوان هێزو پارتە سیاسیە کوردستانیەکان، کە ئەنجامەکەی قەیرانی یاساییشی بەدووای خۆیدا هێنا، هەر لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە کە ئێستا لە رووی یاساییەوە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم ماوەکەی بەسەرچووە و بۆشایی یاسایی دروستبووە، تا دەگات بە پەکخستنی رۆڵی پەرلەمان و رێگری کردن لە سەرۆکی پەرلەمان کە دەوامی ئاسایی خۆی بکات و بە ئەرکەکانی هەڵسێت، دووا هەنگاویش مۆڵەتی بەزۆری چوار وەزیر لە ئەنجومەنی وەزیران و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان  بە کاتی و دەستلەکار کێشانەوەی وەزیرێکی تر. ئەوەی زەرەر مەندی یەکەمە لە گوزەراندن و بەڕێوەچوونی ئەم رەوشەدا، یەکەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە رووبەڕووی ژیانێکی کولەمەرگی بوونەتەوەو دووەمیش پرۆسە سیاسیەکەیە بەرەو دوواوە گەڕاوەتەوەو سومعەی سیاسیی هەرێمە کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لەکەدار بووە.

ئەم راپۆرتە سەبارەت بە ئەداو کار و پێگەی پەرلەمانی کوردستانە لە ماوەی شەش مانگدا، ئێمە وەك ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY، کە بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ی یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان لەهەرێمی کوردستان تۆمار کراوین و بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ ی مافی بەدەستهێنانی زانیاری مافمان هەیە زانیارییەکانمان دەست بکەوێت و هەروەها بەپێی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پەسەندکردنی (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان)دا پێویستە رێگەمان پێبدرێت و کارئاسانیمان بۆ بکرێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانماندا. هەر لەم پێناوەدا یەکێ لە کارەکانمان چاودێری کردنی ئەدای کاری دام و دەزگا گشتیەکانە، لە چوارچێوەی ئەم کارەی دا یەکێ لەو دەزگایانەی کە چاودێری دەکات پەرلەمانی کوردستانە. هەر لە دووای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی بە ئەنجامدانی ئەم کارەی کردووە،  ئەم راپۆرتەی بەر دەستتان پێنجەم راپۆرتی رێکخراوەکەمانە لەم بارەیەوە. مەبەستی ئێمە چاودێری کارەکانی پەرلەمانە و خوازیارین ئەم دەزگا نیشتمانییە بە ئەرك و کاری خۆی هەلسێت و لەئاست متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بێت و رۆڵی سەرەکی و کارا ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکاندا، رێگە لە پێشێلکارییەکانی بگیرێت و رێگەش نەدرێت هیچی تر لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە رێگریی لێبکرێت و پەکی بخرێت، چونکە بوونی پەرلەمانێکی بەهێز، کە یاسای گونجاو دەربکات و چاودێرێکی وردی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت، هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگەو بەدامەزراوەیی کردنی دەبێت. پێمانوایە چاودێری کردنی ئێمەو رێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، پالپشتێکی بەهێزی سەرکەوتنی پەرلەمان دەبێت.

**د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**

**سەرۆکی ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ئازاری ٢٠١٦**

# هەڵسەنگاندنێکی رەوشی پەرلەمان لە ماوەی خولی پاییزەدا
## ( ١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦ )

کاری پەرلەمان سێ پایەی سەرەکیە کە پێکهاتووە لە (یاسادانان، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەسەند کردنی بودجە):

**یەکەم: پرۆسەی یاسادانان:**

خولی پاییزەی پەرلەمان لە ٢٠١٥/٩/٢ یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی تازەی گرێدا، لەم دانیشتنە پرۆژەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی خستە بەرنامەی کارەوە، دووای ئەوەی پێنج دانیشتن ئەنجامدرا کە دواهەمینیان دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی بوو و لە ٢٠١٥/١٠/٧ بەسترا، دواتر بریار بوو دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاساییی لە رۆژی دووشەمە ٢٠١٥/١٠/١٢ ببەسترێت، بەڵام کۆبوونەوەکە دواخراو ئەنجامنەدرا، تا ئەو کاتە گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆ کراو لەکۆی (١٤٩) مادەی پرۆژەکە نزیکەی (٣٠) مادەی گفتوگۆ و پەسەند کرا، بەڵام لەوکاتە بەدوواوە پرۆسەی یاسادانان پەکی خراو تا ئێستا کە ماوەی شەش مانگە، پەرلەمان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووەو هیچ یاساو بریارێکیش پەسەند نەکراوە و پرۆسەی یاسادانان پەکی کەوتووە.

هەرچەندە لە (٢٠١٥/١٠/١٢) لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کراو پەکی دانیشتنەکانی پەرلەمان خراو ئەمەش پێشێلێکی گەورەی یاسایی بوو، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەکرابوایە، دوای تەنها یەك هەفتەی تر لەو مێژووە، واتە لە (٢٠١٥/١٠/١٩) ئۆتۆماتیکی پەرلەمان لە رووی یاساییەوە پەکی دەکەوت و نەیدەتوانی هیچ یاسایەك دەربکات. ئەمە لەکاتێکدا کە پەرلەمان نزیك بە دوو ساڵ تەمەنی ماوەو لەو دوو ساڵەدا بەم شێوەیە نەیدەتوانی ئەرکە یاساییەکانی بەجێ بگەیەنێ، کەئەرکی بنەڕەتیی و راستەقینەی پەرلەمان دانانی یاسایە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە. چونکە پەرلەمانی کوردستان بەهۆی لایەنە یاساییەکەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە لە ٢٠١٥/١٠/٢٠ وە ئیتر بەهیچ جۆرێك ماف ئەوەی نامێنێ یاسا دەربکات. واتا ئەگەر لە (١٠/١٢)شدا رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان نەکرایە، ئەوە دوای (٧) رۆژ لەو مێژووە ئیتر کارەکانی پەرلەمان دەوەستا، ئەگەر بیانویستایە درێژە بە کارەکانی خۆیان بدەن، دەبوو پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرابوایە، تا شەرعیەتی دەرچوواندنی یاسا هەبێت، چونکە بەپێی ئەو یاسا کارپێکراوانەی هەرێم پەیوەست بەکاری پەرلەمان و بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش، دەبێت هەموو ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریاندەکات بەرزی بکاتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و پێویستە ئیمزای لەسەر بکات و دەری بچوێنێ.[1]

---

[1] بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (١٠) دا هاتووە: ئەو یاسایانەی پەرلەمان دایاندەنێت، سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٥) رۆژدا لەرۆژی دانانیەوە دەریاندەچوێنێ و مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یا بەشێکی بدات و رەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە تا چاوی پێدا بخشێنێتەوە، لەم بارەیەوە بریاری پەرلەمان بنبڕە.

بەپێی ئەو یاسایانەی تا ئێستاش کاریان لەسەر دەکرێت، لەم بارودۆخەی ئێستادا هیچ بەند و بڕگەیەکی یاسایی نییە، ڕێگە بە پەرلەمان بدات یاسا دەربکات بەبێ ناردنی بۆ سەرۆکی هەرێم تاوەکو شەرعیەتی حوکمی یاسایی هەبێت. تەنیا لەیەك حاڵەتدا سەرۆکی پەرلەمان بۆ ماوەی (٦٠) ڕۆژ خۆی دەیتوانی ئەو ئەرکە یاساییە پڕبکاتەوەو لەڕووی یاساییەوە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم ببینێ.[1] ئەویش کاتێك کە بەهەر هۆکارێك شوێنی سەرۆکی هەرێم چۆڵ بوو، سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێ بۆ ماوەی شەست ڕۆژ ‌مومارەسەی ئەو ئەرکە یاساییەی سەرۆکی هەرێم بکات، هەر بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم دەبوو لەو شەست ڕۆژەدا سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت.

بەو پێیە، لەدوای ٢٠/٨/ ٢٠١٥ وە کە وادەی سەرۆکی هەرێم کۆتایی هات، سەرۆکی پەرلەمان دەیتوانی تا ٢٠/١٠/٢٠١٥ ئەو ئەرکە یاساییە پەیڕەو بکات، لە دوای ئەو شەست ڕۆژە سەلاحیەتی یاسایی نەدەما و دەبوو کەسێکی دیکە سەرۆکی هەرێم بێت. کاتێك ئەم ڕێکارە ئەنجام نادرێت، گرفتێکی یاسایی بۆ کاری پەرلەمان دروست دەبێت و لەدوای ئەو مێژووەوە ئیتر پەرلەمان ناتوانێت یاسا دەربکات، مەگەر لە حاڵێکدا پێش ئەو مێژووە یاسا کارپێکراوەکانی بگۆڕیبا، یاخود چارەسەری پرسی یاسایی سەرۆکی هەرێمیان بکردایە بەلام لەبەر زۆر هۆکار ئەو زەمەنانە تێپەڕین و هیچ ڕێگەچارەیەکی یاسایی پەسەند نەکرا.

کەواتە پەرلەمان لەڕووی کرداریەوە لە ٢٠/٨/٢٠١٥ وە پەکی کەوتووە، بەتایبەت تر کە خولی پایزەی لە ١/٩/٢٠١٥وە دەستی پێکردەوە، چونکە پەرلەمان لەو کاتەوە نە هیچ یاسایەکی پەسەند کردووەو نە لە دەسەلاتی جێبەجێکردنیشی پێچاوەتەوەو نە (مسائلە)ی هیچ وەزیرێکیشی کردووە و نە بەدواداچونیشی بۆ هیچ کەیسێك کردووە.

بۆ نمونە سەبارەت بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان–عێراق بۆ ڕاپرسی، دەبوایە لە ماوەی سێ مانگدا لیژنەکە کارەکانی خۆی تەواو بکات، بەلام کاتەکەی تەواو بوو و کارەکانی تەواو نەکرد و لیژنەکەو کارەکانی بەهەلواسراوی ماونەتەوە بەبێئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ بڕیارێکی لێبدرێت. ئەمە لەکاتێکدا دەبوو بەمەبەستی تەواوکردنی کارەکانیان ماوەکە درێژ بکرابوایەوە کە هەر (٢٠) ئەندامی لیژنەی ناوبراو کۆك بوون لەسەری.

---

[1] بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە مادەی (١٥) دا هاتووە: ئەگەر پلەو پایەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەك، چۆل بوو، سەرۆکی پەرلەمان ئەرك و فەرمانەکانی هەلدەسوڕێنێ تا لەماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا –لەماوەی چۆل بوونی پلەو پایەکەوە– سەرۆکێکی نوێ هەلدەبژێردرێ.

لەبەر ئەوەی پەرلەمان توانای دەرکردنی یاسای نەبوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ خستنە رووی پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کە خرایە بەرنامەی گفتوگۆوە، چونکە پەیرەوی ناوخۆ ئەگەر تەواویش بووایە بۆ پەسەندکردنی پێویستی بە ئیمزای سەرۆکی هەرێم نەبوو. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بۆ پرۆتۆکۆلەکان و دانیشتنەکانی ئەوکاتە بگەڕێینەوە لەماوەی (٩/٢) تا (١٠/٧) زۆرترین دژایەتی بۆ ئەم بابەتە دروستبوو لەلایەن ئەندامانەوە کە داوایان دەکرد کۆبوونەوە لەسەر موچەو پێداویستی و گرفتەکانی خەڵك بکرێت نەك پەیرەوی ناوخۆ.

**خشتەی (١)**

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی خولی پایزەی پەرلەمان ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦**

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ئامادە نەبوان (غیاب) | مۆڵەت | بایکۆت | سەرجەم ئامادە نەبووان | بەشداربووانی کۆبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢ | ٤ | ٢٠ | | ٢٤ | ٨٧ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/١٦- یەکەم | ٢ | ١٥ | | ١٧ | ٩٤ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/١٦- دووەم | ٢ | ١٥ | | ١٧ | ٩٤ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ | ٣ | ١٥ | | ١٨ | ٩٣ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢١ | ٥ | ٢٢ | | ٢٧ | ٨٤ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦- یەکەم | | ٤ | | ٤ | ١٠٧ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦- دووەم | | ٧ | | ٧ | ١٠٤ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٧ | لیستی ناوی ئامادەبووانمان دەست نەکەوت | | | | |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/١٢ | دواخرا و کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدرا | | | | |
| | سەرجەم | ١٦ | ٩٨ | | ١١٤ | ٦٦٣ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی (١):

١- لەم خولەدا (٦) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدراوە.

٢- کۆبوونەوە ئاساییەکان (٢)یان دوو دانیشتن بوونە، واتە بەیانی و ئێوارە.

٣- لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (١) کۆبوونەوە ناوی ئامادە بووان وەرنەگیراوە.

٤- واتە لە (٥) دانیشتندا تێکرا (١١٤) جار ئەندامان بەشداری کۆبوونەوەیان نەکردووە، جا بەهۆی (غیاب)ەوە بووبێت یا مۆڵەت بووبن. ئەمەش دەکاتە رێژەی ئامادەنەبوونی تێکرای ئەندامانی پەرلەمان (٪١٤,٦)ە.

**خشتەی (٢)**

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان**

**خولی پایزە پەرلەمان ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.ئەندامانی فراکسیۆن | ئامادە نەبون | مۆڵەت | سەرجەم ژمارەی بەشدار نەبووان لە سەرجەم کۆبوونەوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ٤ | ٣٤ | ٣٨ |
| ٢ | لیستی گۆران | ٢٤ | ٢ | ١٤ | ١٦ |
| ٣ | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | ٠ | ١٨ | ١٨ |
| ٤ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٦ | ١٤ | ٢٠ |
| ٥ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ٠ | ١ | ١ |
| ٦ | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٧ | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ | ٠ | ٢ | ٢ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩ | لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ٠ | ٢ | ٢ |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٢ | ٠ | ٣ | ٣ |
| ١١ | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | ٠ | ٢ | ٢ |
| ١٢ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ١ | ٥ | ٦ |
| ١٣ | لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ٠ | ٤ | ٤ |
| ١٤ | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٥ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٦ | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | ٠ | ١ | ١ |
| ١٧ | لیستی ئەرمەن | ١ | ١ | ٠ | ١ |
| | **سەرجەم** | **١١١** | **١٤** | **١٠٠** | **١١٤** |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی (٢):

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان(بە غیاب و مۆڵەتەوە) ریزبەندی فراکسیۆنەکان بەم جۆرە دەبێت لە زۆریی ژمارەی ئامادەنەبوونی ئەندامەکانیان:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان. ٢- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان. ٣- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٤- گۆڕان. ٥- پێشکەوتنی تورکمان. ٦- هەولێری تورکمانی. ٧- رافیدەین. ٨- ئاراستەی سێیەم.

٩- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان. ١٠- گردبوونەوەی کلدانی سریانی ئاشووری.

١١- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان. ١٢- ئەرمەن. ١٣- ئەبناو ئەلنەهرەین. ١٤ ئازادی، بەرەی تورکمانی، بزووتنەوەی ئیسلامی، گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان (کە ئەم چوار لیستە هیچ غیابێکیان نییە).

**خشتەی (٣)**

**ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦**

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | سەعاتەکان |
| --- | --- | --- |
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢ | ٠٠:١٠ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/١٦- یەکەم | ٠٢:١١ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/١٦- دووەم | ١:٥٥ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ | ٠٢:٠٩ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢١ | ٠٢:٢٢ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦- یەکەم | ٠٠:٤٠ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦- دووەم | ٠١:٤١ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٧ | ٠٢:٢٣ |
| | **کۆی گشتی** | **١٣:٥١** |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (٣):

١- پەرلەمان لەوماوەیەدا (٢٠١٥/٩/١ تا ٢٠١٦/٢/٢٩) کە (١٨٢) رۆژ دەکات، (٥) رۆژ کۆبوونەوەی ئەنجامداوە.

٢- لە (٥) دانیشتنی ئاسایی پەرلەماندا، (١٣:٥١) (سیانزە کاتژمێر و پەنجا و یەك خولەك) کۆبۆتەوە. کە ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ کاری پەرلەمانی و گرفت و کێشەکانی هاوڵاتیان و قەیرانەکانی هەرێمدا رێژەیەکی کەمە.

٣- ئەمە یەکێك لە کەم و کورییەکانی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە کە دەستنیشانی نەکردووە کە پەرلەمان هەفتانە دەبێت چەند رۆژ کۆببێتەوە، بۆیە پێویستە دەستکاری بکرێت.

## دووەم: چاودێری حکومەت:

پەرلەمان لە چاودێریی حکومەتدا سەرکەوتوو نەبووە، نەیتوانی لێپێچینەوە لە هیچ وەزیرێك بکات، هەرچەندە چەند وەزیرێك لەلایەن ئەندامانەوە داوای پرساندن (استجواب) کرابوون، بەڵام ئامادە نەبوون، لەو ماوەیەدا زۆرترین داواکاری هەبوو کە پەرلەمان دابنیشێت لەسەر موچەو ژیانی خەڵك بە ئامادەبوونی وەزیرەکان، چەند یاداشتێك لەم بارەیەوە نوسران، چەند ئەندامێك بایکۆتی دانیشتنەکانیان کرد، بەڵام پەرلەمان نەیکرد چونکە وەزیرەکان ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نەدەبوون و سەرۆکی حکومەتیش لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کە بەبێ پرس و رەزامەندی ئەوان وەزیرەکان نابێت بچنە پەرلەمان.

### خشتەی (٤)

### بانگهێشت و میوانداری و لێپرسینەوەی وەزیرەکان لە لایەن پەرلەمانەوە

| ژ | وەزیر | مێژووی داواکاری | مێژووی ئامادە بوون | لایەنی داواکار | هۆکاری بانگکردن | ئەو مادەیەی پەیڕەو کە پێی بانگکراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | وەزیری دارایی | ٢٠١٥/٩/٨ | ئامادە نەبوو | ژمارەی ئەندامان | قەیرانی مووچە | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٢ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٥/٩/٨ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار- سۆران عمر | کارگەی ڤیری زیپۆ | بە پێی ماددەی (٦٨ و ٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٣ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٥/٩/١٤ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار- شێرکۆ جودت | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٨ و ٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٤ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٥/٩/٢١ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار- عزت سابیر | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٨ و ٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی (٤):

وەزیری (دارایی) بەپێی بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە لەسەر پرسی موچە داواکرابوو لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبێت، بەڵام وەزیری ناوبراو ئامادە نەبوو.

وەزیری (سامانە سروشتیەکان) بەمەبەستی لێپێچینەوە (استجواب) بەپێی ماددەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمان کراوە، بە سێ نوسراوی جیا لەسەر داوای پەرلەمانتاران (ژمارەی ئەندامان) و (عزەت سابیر) و (سۆران عومەر) بانگهێشت کرابوو، بەمەبەستی لێپێچینەوە. بەڵام وەزیری ناوبراو ئامادە نەبوو.

## سێیەم: پەسەندکردنی بودجە:

لەوەتەی ئەم خولەی پەرلەمان (خولی چوارەم) دەستبەکار بووە، دەبوایە تا ئێستا سێ جار بودجەی ساڵەکانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦)ی پەسەند بکردایە، بەڵام نە هیچیانی پەسەند کردووە و نە بە (حیساباتی ختامی)شدا چۆتەوە. [1]

## ئەنجامی ئەم سێ ئەرکەی پەرلەمان

بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنەی سەرەوە، پەرلەمان بەر لە ٢٠١٥/١٠/١٢ پەکی کەوتبوو، چونکە نەیتوانی لەو ماوەیەدا هیچ کام لە سێ ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ، چونکە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم تەواو بوو بوو، کەواتە:

١- لەکاتی دەرکردنی یاسادا لەپەرلەمان دەبووایە بۆ سەرۆکی هەرێم بەرز بکرێتەوە تا پەسەندی بکات بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرۆکیش نەبوو لەرووی یاساییەوە، کەواتە ئەم ئەرکە جێبەجێ نەدەکراو یاسا پەسەند نەدەکرا. [2]

٢- لەکاتی چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لێپێچینەوە لە وەزیرەکان، ئەگەر وەزیرێك لە هۆڵی پەرلەمان لێپێچینەوەشی لەگەڵ بکرابوایەو تەنانەت ئەگەر دەنگی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی متمانەش لێی هەبووایە، نەدەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە پێویستی بە مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم هەبوو و سەرۆکی هەرێمیش لەرووی یاساییەوە بوونی نەبوو تا ئەو مەرسومە دەربکات. [3]

٣- ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیراندا کراون نایاساییین، وەك: ناردنەوەو لەکار لادان و بەزۆر مۆڵەتدان بە وەزیرەکانی سەر بە بزوتنەوەی گۆڕان، وەزیرانی (پێشمەرگە، دارایی، پیشەسازی، ئەوقاف) و

---

[1] لە مادەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان. دووەم:پرۆژە یاساکانی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی هەر ساڵێك هەر بە گشتی رەوانەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری پەرلەمان دەکرێت بۆ وردبینی و گفتوگۆکردن لەسەری.

[2] بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (١٠) دا هاتووە: ئەو یاسایانەی پەرلەمان دایاندەنێت، سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٥) رۆژدا لەرۆژی دانانیەوە دەریاندەچوێنێ و مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یا بەشێکی بدات و رەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە تا چاوی پێدا بخشێنێتەوە، لەم بارەیەوە بڕیاری پەرلەمان بنبڕە.

[3] بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە برگەی (سیانزەهەم) ی مادەی (١٠) دا هاتووە: کاتێ پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر لە متمانە دەخات، سەرۆکی هەرێم فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکار کێشانەوەیان دەردەچوێنێ.

سەرۆکی (دەستەی وەبەرهێنان) و دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری (کارەبا) کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی بوو.[1]

کەواتە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، لە رووی یاساییەوە دوو رێگە لەبەردەمدا بوو:

١- سەرۆکی پەرلەمان بۆ درێژەدان بە کاری پەرلەمانی، رایبگەیاندایە کە لەماوەی ئەو (٦٠) رۆژەدا (١٩/٨-١٩/١٠) دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم پیادە بکات و لەماوەی ئەو دوو مانگەدا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکات و هەلبژاردن رابگەیەنێت.

٢- چارەسەری پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە رێگەی سیاسی و رێکەوتنی حزبەکان و دواتر ناردنی بۆ پەرلەمان و پەسەندکردنی.

بەپێی ئەمە هەر سێ خاڵی (یاسادانان، چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردن، پەسەند کردنی بودجە) کە پایەو ئەرکە سەرەکیەکانی کاری پەرلەمانین، گەر نەتوانرێت ئەنجام بدرێن، هەروەك تا ئێستا نەتوانراوە، ئەوا پەرلەمانتاران جگە لەوەی ئەرکی رۆژنامەنوس و میدیاکارو پسپۆری ئابوری و چاودێرێکی سیاسی دەگێرن، ناتوانن کارێکی تر بکەن و کارەکانیان مانایەکی تر ناگەیەنێت و ئەسلی پیشەکەی خۆیان جێبەجێ ناکەن. چونکە ئەسلی مەسەلەکە ئەوەیە تەعامول لەگەل سەرۆکێك دەکرێت لەرووی یاساییەوە ماوەکەی بەسەر چووە، هەر بۆیە ئەگەر پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیەکەی دەستبەکاریش بێتەوە ناتوانن هیچ کارێك بکەن و هیچکام لە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن تا ئەو کاتەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر دەکرێت.

---

[1] بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە برگەی (چواردەهەم)ی مادەی (١٠) دا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم: فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێ و داواشیان لێدەکات لەئەرکو فەرمانی خۆیاندا بەردەوام بن تا وەزارەتی نوێ پێك دەهێنرێ.

# لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پڕۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان.[1]

**لیژنەکانی پەرلەمان لەماوەی شەش مانگدا پوختەی کارەکانیان ئەمانەن:**

**یەکەم: نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان:**

تا ئێستا (٢٢٦) پرۆژە یاساو بڕیار پێشکەش بە پەرلەمان کراون، لەوانە (١٥٥) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، (٧١) پرۆژەش هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە. لە کۆی ئەو پرۆژانە تا ئێستا تەنها (١٨) یاسا و (٧) بڕیار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە

لەماوەی ئەو شەش مانگەشدا تەنها سێ لیژنە راپۆرتیان لەسەر پرۆژەکان نوسیوە کە ئەمانەن:

- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، راپۆرت لەسەر (١) پرۆژە.
- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، راپۆرت لەسەر (١) پرۆژە.
- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، راپۆرت لەسەر (٨) پرۆژە.

---

[1] بەپێی بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٥/٧ دەرچووە ، لیژنەکان پێکهێنران و ئەندامانی دەستنیشانکران کە لە (١٨) لیژنە پێکهاتبوو. پێشتریش بەپێی بڕیاری ژمارە (٢)ی پەرلەمان کە لە ٢٠١٤/٥/٤ دەرچووە لیژنەی یاسایی پێکهێنرابوو.

## خشتەی (٥)

## لیژنەی کاروباری یاسایی

| ژ | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڤالا فرید ابراهیم | سەرۆکی لیژنە | ١٩٧٦ | دکتۆرا | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٧٨٨٢٦ | Vala_fareed@yahoo.com |
| ٢ | بەهار محمود فتاح | جێگری سەرۆك | ١٩٧٣ | دکتۆرا | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٤٣٨٧٦٠ | Baharfatah@yahoo.com |
| ٣ | گۆران ئازاد محمد | بڕیاردەر | ١٩٧٨ | ماستەر | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٥٠١١٤٤٩٨٧ | gorangamhan@yahoo.com |
| ٤ | ابوبکر عمر عبدالله | ئەندام | ١٩٧٠ | بکالۆریۆس | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٠٠٥٨٨ | abubakr.haladny@gmail.com |
| ٥ | انور قادر مصطفی | ئەندام | ١٩٧٦ | بکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٩٠٧٦٥١ | Anwarqadir75@gmail.com |
| ٦ | تەلار لطیف محمد | ئەندام | ١٩٧٤ | بکالۆریۆس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٤٥٣٥٤٧ | tyad22@yahoo.com |
| ٧ | ڤەمان فیصل سلیم | ئەندام | ١٩٨٦ | بکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٧١٦٣٣٤ | vaman86@hotmail.com |
| ٨ | شوان احمد نعمان | ئەندام | ١٩٦٨ | بکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥١١٥٣٣ | shwanshexahmad@gmail.com |
| ٩ | لینا عزریا بەهرام | ئەندام | ١٩٧٩ | بکالۆریۆس | لیستی رافیدەین | ٠٧٥٠٤٩٤٨٦٢٥ | |
| ١٠ | منى نبی نادر | ئەندام | ١٩٧٨ | بکالۆریۆس | پێشکەوتنی تورکمان | ٠٧٧٠٤٤٥٦٧٧٦ | yigilmuna@yahoo.com |
| ١١ | گەشە دارا حەفید | ئەندام | ١٩٧٣ | ماستەر | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٤٤٤٠ | gashahafid@yahoo.com |

## هەڵسەنگاندنی کاری لیژنە لە ماوەی شەش مانگدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦)

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا | ٠ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ١٥٥ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و راپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٥/٨/٣١ | ٤٠ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦) راپۆرتی لەسەر نوسیوە | ٠ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی لیژنە راپۆرتی لەسەر نەنوسیون و کاری لەسەر نەکردوون | ١١٥ |

## خشتەی ( ٦ )

## لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری، وەبەرهێنان

| ژ | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عزت صابر اسماعیل | سەرۆکی لیژنە | ١٩٧٣ | دکتۆرا | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٣٦٦٠٩٣ | azizsabr@yahoo.com |
| ٢ | علی حمە صالح | جێگری سەرۆك | ١٩٨٤ | بەکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠٤٧٩٦٠٠٢ | alihawlati@gmail.com |
| ٣ | هیڤا حجی میرخان | بڕیاردەر | ١٩٧٣ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥١٣٠٣٤ | hiva.hmb@gmail.com |
| ٤ | صالح فقی محمدامین | ئەندام | ١٩٧٢ | بەکالۆریۆس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٤٧٣٢ | salih.faqe@yahoo.com |
| ٥ | یروانیت نیسان مارکۆس | ئەندام | ١٩٧٤ | بەکالۆریۆس | ئەرمەن | ٠٧٥٠٤٥٠٣٨٧٤ | |
| ٦ | مدینە ایوب احمد | ئەندام | ١٩٨٢ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥١٩٥٢١ | masir1985@yahoo.com |
| ٧ | سۆران عمر سعید | ئەندام | ١٩٧٨ | بەکالۆریۆس | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠١١٢٦٠٦٤ | soranomar8@gmail.com |
| ٨ | شێرکۆ جەودەت مصطفی | ئەندام | ١٩٦٩ | دکتۆرا | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٢٦٨٧ | sherko9691@yahoo.com |
| ٩ | شیرین حسنی رمضان | ئەندام | ١٩٨٠ | دکتۆرا | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٧٤١٤٤٨ | sh_zewky@yahoo.c |
| ١٠ | رۆزا محمود عوسمان | ئەندام | ١٩٨٥ | بەکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠٠٠٨٥٣٣٢ | Rosa.mahmood@gmail.com |
| ١١ | دلشاد شعبان عبدالغفار | ئەندام | ١٩٨١ | ماستەر | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٥٩٤٩٣ | dilshadshaban@gmail.com |

## هەڵسەنگاندنی کاری لیژنە لە ماوەی شەش مانگدا ( ١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦ )

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا | ٤ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ٤٦ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و راپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٥/٨/٣١ | ٩ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦) راپۆرتی لەسەر نوسیوە | ٠ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی لیژنە راپۆرتی لەسەر نەنوسیون و کاری لەسەر نەکردوون | ٣٧ |

## خشتەی ( ٧ )

## لیژنەی ناوخۆ وئاسایش وئەنجومەنە خۆجێییەکان

| ژ | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ایوب عبداللە اسماعیل | سەرۆکی لیژنە | ١٩٦٦ | بەکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٥٤٢٥٠٩ | Aiub.abdulla25@gmail.co |
| ٢ | ناظم کبیر محمد | جێگری سەرۆك | ١٩٦٩ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٧٠٩٠٠ | nazm.harky@yahoo.com |
| ٣ | قادر وتمان رسول | بڕیاردەر | ١٩٧٨ | بەکالۆریۆس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٥٥٨٣٣ | kaderrazge@yahoo.com |
| ٤ | ئاواز حمید حسین | ئەندام | ١٩٧٦ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٥٨٠٤٣ | |
| ٥ | سەرکەوت سەرحەد خەلیفە | ئەندام | ١٩٦٦ | دبلۆم | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٣٣٧٩ | sarkawtsarhad@ymail.com |
| ٦ | برزۆ مجید عبداللە | ئەندام | ١٩٧٨ | بەکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٥٠٤٧٥١٩٤٤ | birzomajeed@gmail.com |
| ٧ | سعید محمد سعید | ئەندام | ١٩٧٠ | ئامادەیی | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥٢١٩٧٠ | |
| ٨ | ابوبکر عمر عبداللە | ئەندام | ١٩٧٠ | بەکالۆریۆس | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٠٠٥٨٨ | abubakr.haladny@gmail.com |
| ٩ | حسین اسماعیل حسین | ئەندام | ١٩٦٨ | دبلۆم | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٨٣١١٨ | m_galale65@yahoo.com |
| ١٠ | عبداللە محمود محمد | ئەندام | ١٩٧٠ | ناوەندی | حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٢٧٧٠٧ | a_ksdp@yahoo.com |
| ١١ | محمد سعدالدین انور | ئەندام | ١٩٧٨ | بەکالۆریۆس | گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ٠٧٥٠٤٥٦٢٤٩٩ | muhammedilhanli@yahoo.com |

### هەڵسەنگاندنی کاری لیژنە لە ماوەی شەش مانگدا ( ١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦ )

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا | ٣ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ٢١ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و ڕاپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٥/٨/٣١ | ٩ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦) ڕاپۆرتی لەسەر نوسیوە | ٠ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی لیژنە ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسیون و کاری لەسەر نەکردوون | ١٢ |

## خشتەی ( ٨ )

## لیژنەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان

| ژ | ناو | پله | تەمەن | بروانامه | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یعقوب گورگیس یاقو | سەرۆکی لیژنه | ١٩٧٠ | دبلۆم | لیستی رافیدەین | ٠٧٥٠٤٠٣٠٧٩٣ | yacodarta70@yahoo.com |
| ٢ | غریب مصطفی حمەخان | جێگری سەرۆك | ١٩٦٩ | دبلۆم | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠١١١٩٧٩٧ | garibpenjweni@gmail.com |
| ٣ | زیاد حسین عبدالکریم | بڕیاردەر | ١٩٦٦ | ناوەندی | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥٥٣١٩٤ | ziadshamdeena@yahoo.com |
| ٤ | حسن صالح محمد | ئەندام | ١٩٦٩ | ئامادەیی | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٥٧٢٨٧٩ | hasanisalih@yahoo.com |
| ٥ | عبدالرحمن علی رضا | ئەندام | ١٩٧٣ | دبلۆم | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٤٢٢٠٧٦ | Abdulrahmanali21@yahoo.com |
| ٦ | بشار مشیر اسماعیل | ئەندام | ١٩٦٦ | ئامادەیی | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠١٦٠٤٧١٧ | basher.mushir66@yahoo.com |
| ٧ | ئاوازجەنگی برهان | ئەندام | ١٩٦١ | دبلۆم | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٥٨٠٤٣ | AwazTalabani@hotmail.com |
| ٨ | خلف احمد معروف | ئەندام | ١٩٧٦ | بەکالۆریۆس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٩٣٨١ | |
| ٩ | فەرهاد حەمە صالح | ئەندام | ١٩٦٥ | دبلۆم | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧١٦٤٨٧٥٤١ | |
| ١٠ | عباس غزالی میرخان | ئەندام | ١٩٦٠ | دبلۆم | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٥٣٦٦٦ | khazali.abbw@gmail.com |

## هەڵسەنگاندنی  کاری لیژنە لە ماوەی شەش مانگدا ( ١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦ )

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا | ١١ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ٧ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و راپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٥/٨/٣١ | ٤ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦) راپۆرتی لەسەر نوسیوە | ١ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی لیژنە راپۆرتی لەسەر نەنوسیون و کاری لەسەر نەکردوون | ٢ |

## خشتەی (٩)

## لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت

| ژ | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیفار ابراهیم حسین | سەرۆکی لیژنە | ١٩٧٧ | بەکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٥٠٤٦٤٤٩١٨ | evarebrahim@yahoo.com |
| ٢ | کەژال هادی فقی | جێگری سەرۆك | ١٩٧٣ | بەکالۆریۆس | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠٣٣٥٦٨٠٠ | kazhal.hade@yahoo.com |
| ٣ | حیات مجید قادر | بڕیاردەر | ١٩٨٣ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٩٣٩٥٨٢٨ | hayat.qoder@gmail.com |
| ٤ | رابوون تۆفیق معروف | ئەندام | ١٩٧٦ | ماستەر | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠٠٦١٠٨٠٤ | Rabun.maroof@googlemail.com |
| ٥ | ڤیان عباس عمر | ئەندام | ١٩٧٥ | دبلۆم | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٧٦٥٤٢٣٨ | vyan97a@yahoo.com |
| ٦ | مریم صمد عبدی | ئەندام | ١٩٧٢ | ئامادەیی | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٣٢٥٠٦٩ | mriam.samad@yahoo.com |
| ٧ | حسن صالح محمد | ئەندام | ١٩٦٩ | ئامادەیی | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٥٧٢٨٧٩ | hasanisalih@yahoo.com |

## هەلسەنگاندنی کاری لیژنە لە ماوەی شەش مانگدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦)

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا | ٢ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ٨ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و راپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٥/٨/٣١ | ٠ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦) راپۆرتی لەسەر نوسیوە | ٠ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی لیژنە راپۆرتی لەسەر نەنوسیون و کاری لەسەر نەکردوون | ٨ |

## خشتەی (١٠)

## لیژنەی پەروەردەوخوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی

| ز | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراهیم احمد سمۆ | سەرۆکی لیژنە | ١٩٦٨ | دکتۆرا | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٥٧٠١٤ | Dr.ibrahimsomo@yahoo.com |
| ٢ | جوان اسماعیل عزیز | جێگری سەرۆك | ١٩٦١ | دکتۆرا | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠٤٩٧٨٠٣١ | Jwan.azeez@gmail.com |
| ٣ | ریواز فائق حسین | بڕیاردەر | ١٩٧٧ | دکتۆرا | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٤٦٦٧١٤ | Rewaz_faiaq@yahoo.com |
| ٤ | شێرکۆ حمە امین | ئەندام | ١٩٧٢ | دکتۆرا | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠٥٤٩٨٠٨٢ | sherkohamaamin@gmail.com |
| ٥ | زۆزان صادق سعید | ئەندام | ١٩٧٧ | ماستەر | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥٠٢٣٦٧ | zozan.tirwanshi@gmail.com |
| ٦ | ایدن معروف سلیم | ئەندام | ١٩٧٠ | ماستەر | بەرەی تورکمانی | ٠٧٥٠٧٥٧٧٢٦٢ | aydinmaruf@yahoo.com |
| ٧ | مەردان خدر مصطفی | ئەندام | ١٩٧٩ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٦٢٧١٥ | mardankz@yahoo.com |
| ٨ | سهام عمر قادر | ئەندام | ١٩٧٨ | بەکالۆریۆس | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠١١٢٦٠٦٤ | suham_omer@yahoo.com |
| ٩ | شكريه سمايل مصطفى | ئەندام | ١٩٦٩ | ماستەر | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥٤٨٧٥٧ | shkwrea@gmail.com |
| ١٠ | عمر مصطفى باوەمیر | ئەندام | ١٩٦٦ | دکتۆرا | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٠٧٥٠٤٤٨٧٠٧١ | shwanqaladzayi@gmail.com |
| ١١ | وحیدە یاقو هرمز | ئەندام | ١٩٥٧ | بەکالۆریۆس | گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٠٧٥٠٤٥٠٩٢٣٨ | wahedaharmiz@yahoo.com |

## هەڵسەنگاندنی کاری لیژنە لە ماوەی شەش مانگدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦)

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا | ٦ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ٩ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و ڕاپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٥/٨/٣١ | ٢ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو شەش مانگەدا (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦) ڕاپۆرتی لەسەر نوسیوە | ٠ |
٣- کۆبوونەوەکانیان بەپێی پێویست نییە، بەبەراورد لەگەڵ ئیشوکاری هاووڵاتیان و ئەو گرفتانەی هەن و ئەو پرۆژانەی رووبەڕوویان کراوەتەوە.

٤- ڕێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامان لەکۆبوونەوەکانی هەندێ لیژنەدا زۆر و بەرچاوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کاری لیژنەکە هەیە.

٥- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەکانی (وەرزش و لاوان)، (یاسایی)، (ئاوەدانکردنەوە)، (ناوچە کوردستانییەکان)، (پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی)، هیچ کۆبوونەوەیەکی لیژنەیان ئەنجام نەداوە.

٦- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەی (لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان)، تەنها یەك کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

٧- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەکانی (مافەکانی ئافرەت)، (رۆشنبیری)، (شارەوانی)، (کاروباری پەرلەمان)، (کۆمەڵگای مەدەنی)، دوو کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.

٨- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەی (ناوخۆ)، (ئەوقاف)، سێ کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

٩- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەی (دارایی)، (بەکاربەر)، (تەندروستی) و (مافی مرۆڤ) چوار کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

١٠- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەی (پەروەردە)، (نەزاهە) پێنج کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.

١١- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەی (پێشمەرگە) حەوت کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

١٢- لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەی (کۆمەڵایەتی) دە کۆبوونەوەو لیژنەی (کشتوکاڵ)، یانزە کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.

١٣- پرۆسەی پەکخستنی پەرلەمان کاردانەوەی هەیە لەسەر پەکخستنی کاروباری لیژنەکان.

# هۆكاری كۆنەبوونەوەی لیژنەكان

هۆكاری نا چالاكی و كۆنەبوونەوەی لیژنەكان لە روانگەی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەكانەوە كە بە (**پـرۆژەی چاودێریی و هەلسەناندنی پەرلەمان**)یان راگەیاند ئەمانەن:

*- (**گۆران ئـازاد**) بڕیاردەری (لیژنەی یاسایی) لە فراكسیۆنی (**یەكێتی**) پێی وایە چەند هۆكارێك هەیە بۆ كۆنەبوونەوەی لیژنەی یاسایی:

١. هەنـدێك لـە پـرۆژە یاسـاكانمان كـە راپۆرتیـان لەسـەر نوسـراوە پێویسـتی بـە رای حكومـەت بـوو، حكومەتیش وەڵامی نەداوەتەوە .

٢. هەندێك لە پرۆژە یاساكانمان كە راپۆرتیان لەسـەر نوسـراوە پێویسـتی بـە كۆبوونـەوەی هاوبـەش بـوو لەگەڵ لیژنەی تایبەت مەند، بۆ نموونە پرۆژە یاسـای (كۆمـۆ) كۆبوونـەوەی دەویسـت لەگـەڵ لیژنـەی سـامانە سروشتیەكان.

٣. پەسەند نەكردنی یاسا لە پەرلەمان بەهۆی تەواو بوونی ماوەی سەرۆكایەتی هەرێم، ئـەویش هۆكـارێكی تر كۆنەبوونەوەی لیژنەیە چونكە راپۆرت لەسەر چی بنوسین كاتێك یاسا پەسەند نەكرێت؟

٤. هۆكارێكی تر، رێگری بوو لەسـەرۆكی پەرلـەمان، ئـەویش بەبەشـداری نـەكردنی ئەنـدامانی فراكسـیۆنی گۆران لە كۆبونەوە، واتە ئەگەر بەبێ ئەوان كە ٢ ئەندامیان هەیە راپـۆرت بنوسـین رای لایـەنیكی نـاو لیژنـەی تیادا نابێت و دەبێت جارێكی تر سیاغەی بكەینەوە.

كەواتە بەگشتی كاری لیژنەی یاسـا دەوەسـتێت كاتێـك پرۆسـەی یاسـا دەركـردن لەپەرلـەمان بوەسـتێت، چونكە ئێمە پەیوەندیدارین بە نوسینی راپۆرت بۆ پرۆژە یاساكان.

*- (**فـایەق مستەفا**)، سەرۆكی (لیژنەی ئاوەدان كردنەوە) لە فراكسیۆنی (**گۆڕان**) پێـی وایـە بـەهۆی ئـەو دۆخەی بۆ پەرلەمان هاتۆتە پێش لیژنەكەیان كۆنابێتەوە .

*- (**صالح فەقێ**) جێگری سەرۆكی (لیژنەی ناوچە كوردستانیەكان) لـە فراكسـیۆنی (**یـەكێتی**) دەڵێـت: بەهۆی بەشداری نەكردنی هاورێیەكمان لە فراكسیۆنی (گۆڕان) لـە كۆبوونـەوە، نـەمان توانیـوە نیسـاب تـەواو بكەین ، بۆیە كۆبوونەوە نەكراوە.

*- (**قـارەمان قـادر**)، سەرۆكی لیژنەی (كاروباری پەرلەمان) لە فراكسیۆنی (**گـۆڕان**) دەڵێـت: كۆنابینـەوە بەهۆی پەك خستنی پەرلەمانی كوردستانەوە بەبڕیارێكی سیاسی.

*- (**عـادل عەزیز**): بڕیاردەری لیژنەی (رۆشنبیری) لە فراكسیۆنی (**گۆڕان**) دەلێت: دوو جار داوام لێكراوە بۆ بەشداری لە كۆبوونەوەی لیژنە بەشدار نەبووم، چونكە یاسا پەك خراوە لە پەرلەمان.

*- (**گەشە دارا**)، سەرۆکی لیژنەی (کۆمەڵایەتی و خێزان) لە فراکسیۆنی (**یەکێتی**) دەڵێت: سێ جار داوای کۆبوونەوەم کردووە بەڵام نیساب تەواو نەبووە، بۆیە کۆنەبوینەتەوە، هۆکاری بەدەمەوە نەهاتی ئەندامانی لیژنەکەشی بۆ کۆبوونەوە، بۆ دوو هۆکارە گەراندەوە، یەکەم: ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان بڕیاریان داوە بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکان نەکەن بەهۆی ئەو دۆخەی هەیە، دووەم: چەند ئەندامێکی تریش بە هۆکاری نەخۆشی یان سەفەر ئامادەنەبوون، وتیش پەك خستنی پەرلەمان و کۆنەبوونەوەی پەرلەمان کاری کردۆتەوە سەر کارەکانی پەرلەمان بەگشتی.

*- (**شێرکۆ جەودەت**)، سەرۆکی لیژنەی (سامانە سروشتیەکان) لە فراکسیۆنی (**یەکگرتوو**) پێی وایە: پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان کاری زۆر کردۆتەوە سەر کاروباری لیژنەکان و بەو هۆیەشەوە ئێمە نەمان توانیوە کۆببینەوە چونکە نیساب تەواو نابێت.

*- (**ماجد عوسمان**)، سەرۆکی لیژنەی (بازرگانی و مافی بەکار بەر) لە فراکسیۆنی (**هەولێری تورکمانی**) رایگەیاند: ئەوان بەردەوامن لە کاری لیژنەکەیان، و تەنها فراکسیۆنی گۆران بەشداری کۆبونەوەکان ناکەن، هەرچەند زۆر پیمان باشە هەموان بەشدار بن و ئاگاداریشیان دەکەینەوە بەڵام بەشداری ناکەن.

*- (**ئیڤار ئیبراهیم**)، سەرۆکی لیژنەی (داکۆکی لە مافی ئافرەت) لە فراکسیۆنی (**گۆڕان**) هۆکاری کۆنەبوونەوەی لیژنەکەیانی بۆ دوو خاڵ گەراندەوە:

١. رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان و پەك کەوتنی دەوام کردنی (٢) ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هۆکارێکی سەرەکیە.

٢. کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم کە ئەمە هۆکاری رێگریشە لەسەرۆکی پەرلەمان، بۆیە ئەگەر بمانەوێت نەك کاری لیژنەکان پەرلەمان کارا ببێتەوە دەبێت لەپێشدا کێشەی سەرۆکی هەرێم بە یاسا چارەسەر بکرێت و سەرۆکێکی شەرعی هەبێت.

*- (**عزت صابیر**)، سەرۆکی لیژنەی (دارایی و ئابوری) لە فراکسیۆنی (**یەکێتی**) دەڵێت: کۆبوونەوەمان نەکردووە، چونکە کاتێك کۆبوونەوە دەکەیت دەبێت راپۆرت بەرز بکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئێستا چالاك نییە.

*- (**سیراج شێخ ئەحمەد**)، سەرۆکی لیژنەی (ئەوقاف و کاروباری ئاینی) لە فراکسیۆنی (**پارتی**)، رایگەیاند کارەکانی لیژنەی ئەوان بەردەوامە و سوپاسی ئەندامان دەکات ئامادەن لە رایی کردنو کۆبوونەوەی لیژنە.

*- (**عومەر عینایەت**)، سەرۆکی لیژنەی (شارەوانی) لە فراکسیۆنی (**گۆڕان**) رایگەیاند: کۆنابنەوە، چونکە پەرلەمان پەکخراوە.

*- (**شوان شێخ ئەحمەد**)، سەرۆکی لیژنەی (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم) لە فراکسیۆنی (**پارتی**)، راگەیاند: هۆکاری کۆنەبوونەوی لیژنەکەیان بەشێکی تایبەتە بە ئامادەنەبوونی نوێنەری فراکسیۆنی گۆران و ئێمەش رەچاوی ئەو دۆخەمان کردووە، بەشێکی تریش ئەو دۆخەی ئێستا پەرلەمانی تیادایە و کۆنابێتەوە کاری کردۆتە سەر ئیشی لیژنەکەیان.

*- (**فەرحان جەوهەر**)، سەرۆکی لیژنەی (رۆشنبیری و راگەیاندن) لە فراکسیۆنی (**پارتی**): وتی هۆکاری کۆنەبوونەوەمان دوو خاڵە:

یەکەم : نەبوونی نیساب.

دووەم: کۆنەبوونەوەی پەرلەمان و پەککەوتنی پرۆسەی چاودێریش هۆکارێکەو کاری لیژنەکانی وەستاندووە، وتیشی ئەم دۆخەی ئێستا کاری کردۆتە سەر هەموو ئیشەکانی پەرلەمان.

*- (**سۆران عومەر**)، سەرۆکی لیژنەی (مافی مرۆڤ) لە فراکسیۆنی (**کۆمەڵ**)، رایگەیاند: کۆبوونەوەی لیژنە ناکەن چونکە پەرلەمان پەکخراوە و کۆبوونەوەی لیژنە هیچ مانای نەماوە و سەرجەم کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لە چاودێری حکومەت و یاسادانان پەکی کەوتووە. ئەمەش ئەنجامی پەکخستنی پەرلەمانە.

*- (**ڤیان عەباس**)، جێگری سەرۆکی لیژنەی (رەوەندەی کوردی) لەسەر لیستی (**پارتی**) دەڵێت: لەماوەی ئەم شەش مانگەدا چەندین جار بانگهێشتی ئەندامانمان کردوە بۆ کۆبوونەوە بەڵام بەهۆی نەهاتنیانەوە کۆبوونەوەمان نەکردووەو نیساب تەواو نەبووە، وتیشی تەنها دەستەی سەرۆکایەتی لیژنە کۆدەبینەوە چەند دیدارێکیشمان ئەنجام داوە. سەبارەت بە نووسنی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکانی کە ئاراستەیان کراوە ، وتی: دەستمان بەنووسنی راپۆرتی (پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرتکراوان) کردەوە بەڵام تەواو نەبووە.

*- (**یەعقوب گورگیس**)، سەرۆکی لیژنەی (کشتوکاڵ) لەسەر لیستی (**رافیدەین**) وتی: ئێمە گرنگیی زۆر بە کاروباری کشتوکاڵ دەدەین لە کوردستان، ئەندامانی لیژنە زۆر مولتەزمن بە کارەکانی لیژنەوە. ئێمە کیشەی زۆر مان هەیە، سەرقاڵی چارەسەرکردنین، وەك کێشەی پارەی گەنمی جوتیاران، وتیشی ئەو کێشە سیاسیانەی لە هەرێم هەیە کاریگەری لەسەر کارەکانی ئێمە نەکردووە، بەڵام پێم وایە کاریگەری لەسەر کاری زۆر لە لیژنەی تر کردبێت و ئەو هۆیەش ببێتە هۆی کۆنەبوونەوەیان.

*- (**مەردان خدر**)، ئەندامی لیژنە (پەروەردەو خوێندنی باڵا) لەسەر لیستی (**پارتی**)، وتی: کارەکانی لیژنەی پەروەردە بەباشی دەروات و ئەندامان پابەندن، بەڵام سەبارەت بەهۆکاری کۆنەبوونەوە ژمارەیەك لە لیژنەکان ، یان کەمی کۆبوونەوەکان وتی : ئەو دەمێنیتەوە بۆلای سەرۆکایەتی لیژنەکان کە دەبیت بانگهێشت بکەن بۆ کۆبوونەوە و دەشتوانن ئەو کارە لە ئیستادا بکەن و هیچ رێگرییەك نییە، کە نایکەن نازانم هۆکار چییە، بەڵام ئەو دۆخەی ئێستای پەرلەمان کاریگەری کردۆتە سەر سەرجەم کاروبارەکانی پەرلەمان.

*- (**کــــەمال یەڵـــدا**)، جیگــری ســـەرۆکی لیژنـــەی (خزمەتگوزارییـــەکان شـــارەوانی) لەســـەر لیســـتی (**گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری**) وتی: هۆکاری کۆنەبونەوەی ئێمە بـەهۆی ئـەم دۆخەوەیـە کـە پەرلەمانی تێ کەوتووە، و سەرۆکی لیژنە ئامادەنییە داوای کۆبوونەوە بکات، پەیرەویش ریگـا نـادات جێگری سەرۆکی لیژنە داوای کۆبوونەوە بکات.

*- (**ڤەمان فەیســەڵ**)، ســەرۆکی لیژنـەی (وەرزش و لاوان) لەسـەر لیسـتی (**پــارتی**) دەلێـت: هوکـاری سەرەکی کۆنەبوونەوەی لیژنەکەمان ئەو تەشەنوجە سیاسیەیە کە هاتۆتە پێشەوە، ئێمـە چـەند جـار داوامـان کردووە بەڵام نیساب تەواو نابێت بۆیە ناتوانین کۆببینەوە. هۆکارێکی تریشـی بـۆ ئـەوە گێرایـەوە کـە نـاوبراو وەك سەرۆکی لیژنە لەمانگی (٢٠١٥/١٠) بڕیاری دەست بەکاربوونی بۆ دەرچـووە، لـەو کاتەشـەوە ئـەم دۆخـە هاتۆتە پێشەوە و نەیان توانیوە کۆبینەوە بەهۆی تەواو نەبوونی نیساب.

*- (**ئایدن مەعروف**)، ئەنـدامی لیژنـەکانی (مـاف مـرۆڤ) و (پـەروەردە و خوینـدنی بـاڵا)، لەسـەر لیسـتی (**بەرەی تورکمانی**)وتی: هۆکاری کۆنەبوونەوەی لیژنەکان بۆ دۆخـی سیاسـی دەگەڕێتـەوە کەبۆتـە هـۆی پـەك خستنی کارەکانی پەرلەمان، لە ئێستادا پەرلەمان نە سەرۆکایەتی هەیە، نـە دانیشـتنی هەیـە، نـە کۆبوونـەوە هەیە، ئەو دۆخە وای کردووە لیژنـەکان کۆبوونـەوە نەکـەن، کۆبوونـەوەش بکـەن سـوودی نییـە، چـونکە نـە سەرۆکایەتی کۆدەبێتەوە نە پەرلەمان، بۆیە دەبێت بۆ کارا کردنەوەی لیژنەکان پەرلەمان کارا بکرێتەوە.

*- (**سرود سەلیم**)، ، ئەندامی لیژنەی (کاروباری تەندروستی و ژینگە) لە لیستی (**ئەبناء النهرین**) وتی: هۆکاری سەرەکی نەکردنی کۆبوونەوەکان ئەم دۆخەیە کە بۆ پەرلەمان هاتۆتە پێش، چـەندین جـار داواکـراوە کە کۆبوونەوە هەبێت بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە ئەنجام بدرێت.

بەپێی لێدوانی ئەم پەرلەمانتارانە هۆکارەکانی کۆنەبوونەوەی لیژنەکان و نەنوسینی راپۆرت لەسەر پـرۆژە یاساکان بۆ ئەم خالانە دەگەڕێنەوە:

١-هەندێك لە ئەندامان و سەرۆکایەتی لیژنەکان ئامادەن کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، بـەڵام ژمـارەی یاسـایی ئامادە نابن.

٢-هەندێك لە ئەندامان لەبەر هۆکاری سیاسی و پەکخستنی پەرلەمان و رێگری کردن لە سەرۆکی پەرلەمان ئامادەی کۆبوونەوەکان نابن.

٣- وەڵام نەدانەوەی حکومەت سەبارەت بەو پرۆژانەی کە ئیلتیزاماتی داراییان تیایەو پێویسـتیان بـە رای دەسەلاتی جێبەجێکردنە.

هەرچـەندە ئەنـدامانی پەرلـەمان ئـەو بیروڕایانـەیان هەیـەو بیـانوی بەشـداری نـەکردنی کۆبوونـەوەکان دەهێننەوەو سەرباری پەکخستنی کارەکـانی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، هەنـدێکیان هۆکـاری نـەبوونی ژمـارەی

یاسایی بۆ ئەنجام نەدانی کارەکانیان دەهێننەوەو هەندێکیشیان بەبێ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان لە لیژنەکانـدا جێبەجێ بکەن، تێبینی دەکرێت ژمارەیەك لەوانە لە ئیفاد و سەفەرەکانیان بەردەوامن و تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکاندا دەردەکەون.

هەرچەندە لە ئێستادا پەرلەمان توانای دەرکردنی یاسای نییە (لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کـرد)، بـەڵام ئەگەر ئەندامانا باوەڕیان بەوە هەیە کە رۆژێك پەرلەمان دەکەوێتەوە سەر رێچکەی کارەکانی خۆی، لیژنەکانی پەرلەمان دەیانتوانی و ئێستاش دەتوانن کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەگەر ژمارەی یاسـایی ئەنـدامان ئامادەبن بە ئامادەبوونی سەرۆك یا جێگری سەرۆکی لیژنە، دەتوانن راپۆرتی خۆیان ئامـادە بکـەن لانـی کـەم لەسەر ئەو پرۆژانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بـۆ کـراوەو ئاراسـتەیان کـراوە، وەکـو خـۆ ئامادەکردنێـك بـۆ گەیشتن بە تەوافوقی سیاسی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان. ئەو کات پەرلەمان پەکی ناکەوێ و بەزووترین کـات دووای رەزامەندی لایەنەکان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان، پەرلەمان پرۆژەیەکی زۆری لەبەردەست دەبـێ و دەتوانێ ئیشیان لەسەر بکات بۆ دەرکردنی یاسای نوێ یا هەموارکردنی یاساکان یا رەتکردنەوەی یاسا بەپێی ئەوەی کە لە پرۆژەکاندا هاتووە. چـونکە لـە رابـردوو دا کاتێـك بـارودۆخی پەرلـەمان ئاسـایی بـوو یـەکێك لـە بیانووەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە کەمیی کۆبوونەوەکان ئەوە بوو کە پرۆژەیاساکان لەلایەن لیژنەکانـەوە راپۆرتیان لەسەر نەنوسراوەو هیچ بابەتێك نییە کۆبوونەوەی لەسەر بکەن.

## خشتەی ( ٢٩ )

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگ دا

## خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٦ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٨ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | ٧ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ١ |
| ٥ | ژمارەی پڕۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٥٥ |
| | ژمارەی پڕۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە خولی پایزەی سالی ٢٠١٥ | ٠ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٠ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٠ |
| ٨ | ژمارەی ڕاگەیاندراوی پەرلەمان | ٣ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ٢ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ٢ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٤ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٧٢ |
| ١٥ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پڕۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١١٨ |
| | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پڕۆژە یاسا نوسراوە لە خولی پایزەی سالی ٢٠١٥ | ١٠ |
| ١٦ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پڕۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٤٤ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٠ |
| ٢٠ | ژمارەی ئامادە نەبووانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ١١٤ |

# پەرلەمانی كوردستان لەماوەی شەش مانگدا

## تێبینییەكان لەسەر شەش مانگی كاری خولی پاییزەی پەرلەمان

## سالی ٢٠١٥-٢٠١٦

**<u>یەك:</u>** لە ماوەی ئەم خولەدا تەنها (٥) دانیشتنی ئاسایی ئەنجامدراوە، ئەویش سەبارەت بە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و تەواویش نەكراو بە نیوە چڵی بەجێهێلرا. پەرلەمانی لە ئیشوكارەكانیدا وەك پێویست پابەندی پەیرەوی ناوخۆی نەبووەو لەگەڵ شوێندا پێشێلی كردووە.

**<u>دوو:</u>** خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان تا كاتی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە، كە تەمەنی نزیكەی دوو ساڵ و پێنج مانگ دەبێت، تەنها (١٨) یاسای پەسەند كردووە، سەرەڕای ئەوەی كە خوێندنەوەی یەكەم بۆ (١٥٥) پرۆژە یاسا كراوە.

**<u>سێ:</u>** تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەكی ئەوتۆ سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بكات و وردەكاریی گرێبەستەكانی نەخراوەتە بەردەست. [1]

**<u>چوار:</u>** لەلایەن چەند ئەندامێكی پەرلەمانەوە بەفەرمی داوای لێپرسینەوە (استجواب)ی چەند وەزیرێك كراوە، بەڵام تا ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە هیچ وەزیرێك لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە نەبووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە حكومەت گوێڕایەڵی یاساو بڕیارەكانی پەرلەمان و ئیرادەی ئەو دەزگا شەرعیە باڵایە نییە. [2]

**<u>پێنج:</u>** لە (٢٠١٥/١٠/٦)ەوە تا ئێستا هیچ كۆبوونەوەیەكی ئەنجام نەداوە كە ئەمەش لەگەڵ كاری پەرلەمانیدا ناگونجێت.

---

[1] لە مادەی (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ١-لیژنە بەردەوامەكان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆكی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان بكەن كەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسكردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشكەشیان بكرێت.

٢-ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسكراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواكراو بە لیژنە بەردەوامەكان ئەو كاتە لە رێگەی سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەكرێتەوەو لە حالەتی وەلام نەدانەوەی داواكارییەكە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەكە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بكات.

[2] لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێكی دەسەلاتی جێبەجێكردن بپرسێنێت ئەوا پرسیارەكە بە شێوەیەكی نوسراو ئاراستە دەكات.

٢- سەرۆكی پەرلەمان پرسیارەكە دەگەیەنێتە دەسەلاتی جێبەجێكردن پاش دانانی لە كارنامەی یەكەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و كاتی گفتوگۆكردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەكات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەلاتی جێبەجێكردنیش رازی بوو.

**شەش:** لە (٢٠١٥/١٠/١٢)وە رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کراوەو رێگەی پێنەدراوە بچێتەوە پەرلەمان، کە ئەمەش پێشێلکاریی یاسایە.

**حەوت:** تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە ساڵانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێرییش بەدواداچوون بکات.

**هەشت:** لەو (٥) کۆبوونەوەیەی پەرلەمان ئەنجامی داون، بە تێکڕا (١١٤) جار ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبوون، (٩٨) ئەندام مۆڵەتیان وەرگرتووە و (١٦) ئەندامەش بێ مۆڵەت بەشداریان نەکردووەو نەچوونەتە کۆبوونەوەکانەوە.

**نۆ:** لە ماوەی ئەو خولەدا هیچ وەزیرێك نەچوونەتە پەرلەمانەوە بەمەبەستی کۆبوونەوە لە هۆلی پەرلەمان.

**دە:** لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٣٦٢) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەڵام تەنها (١١٨) راپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٢٤٤) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.[1]

**یانزە:** لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەکان (٧٢) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. لەو کۆبوونەوانەشدا (٥٧)جار ئەندامان ئامادە نەبوون.

**دووانزە:** لەماوەی دوو ساڵدا پەرلەمان (١٨) یاسا و (٧) بڕیاری دەرکردووە.

**سیانزە:** وەك تێبینی دەکرێت رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە نابینرێت.

**چواردە:** بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان–عێراق بۆ راپرسی، دەبوایە لە ماوەی سێ مانگدا لیژنەکە کارەکانی خۆی تەواو بکات، بەڵام کاتەکەی تەواو بوو و کارەکانی تەواو نەکرد و لیژنەکەو کارەکانی بەهەڵواسراوی ماونەتەوە بەبێئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ بڕیارێکی لێبدرێت.

[1] لە بڕگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دووای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای (١٠) رۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی (٥) رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

# ئه‌نجام

١- پرسی سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێم كه‌ هۆكاری سه‌ره‌كیی قه‌یرانه‌كانی هه‌رێمه‌ به‌ هه‌لپه‌سێردراوی ماوه‌ته‌وه‌.

٢- په‌رله‌مانی كوردستان به‌هۆی پرسی سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێمه‌وه‌ له‌ رووی یاساییه‌وه‌ په‌كی كه‌وتووه‌، هه‌ر بۆیه‌ ناتوانێت هیچ یاسایه‌ك ده‌ربكات. وه‌ ناتوانێت لێپێچینه‌وه‌ له‌ ده‌سه‌لاتی جێبه‌جێكردن بكات، و وێرای قه‌یرانی دارایی سێ ساڵه‌ نه‌یتوانیوه‌ بودجه‌ی هه‌رێم په‌سه‌ند بكات.

٣- پێشێلكاری یاسایی كراوه‌ له‌وه‌ی له‌ (٢٠١٥/١٠/١٢)وه‌ رێگری له‌ سه‌رۆكی په‌رله‌مان كراوه‌ بچێته‌وه‌ په‌رله‌مان.

٤- په‌ككه‌وتنی په‌رله‌مان به‌م شێوازه‌ ده‌بێته‌ هۆی پاشه‌كشه‌ی دیموكراسیه‌ت و شه‌رعیه‌تی یاسایی هه‌رێمی كوردستان له‌ ئاستی ناوخۆیی و نێوده‌وڵه‌تی ده‌كه‌وێته‌ ژێر پرسیاره‌وه‌.

٥- په‌ككه‌وتنی په‌رله‌مان ده‌بێته‌ هۆی بێ متمانه‌یی خه‌لك به‌ په‌رله‌مان وه‌ك بالاترین ده‌زگای هه‌رێم و باوه‌ڕی نه‌مان به‌ ده‌نگدان و هه‌ڵبژاردن.

٦- لیژنه‌كانی په‌رله‌مان له‌ماوه‌ی ئه‌م شه‌ش مانگه‌دا هیچ به‌دواداچوون و كۆبوونه‌وه‌یه‌كی ئه‌وتۆیان نه‌كردووه‌و راپۆرتیان له‌سه‌ر پرۆژه‌یاساكانیش نه‌نوسیوه‌و به‌ ئه‌ركی خۆیان هه‌لنه‌ساون.

٧- پرۆسه‌ی هه‌ناره‌دكردنی نه‌وت یه‌كێك له‌ هۆكاری قه‌یرانه‌كانه‌، له‌كاتێكدا سندوقی داهاته‌ نه‌وتیه‌كان كه‌ یاساكه‌ی له‌ په‌رله‌مان په‌سه‌ندكراوه‌، به‌ڵام پێكهێنانی ئه‌نجومه‌نه‌كه‌ی و متمانه‌دان به‌ ئه‌ندامه‌كانی له‌ په‌رله‌مان په‌كخراوه‌و هۆكاری ده‌ستنیشان نه‌كردنی ئه‌ندامه‌كانیش له‌وكاته‌دا ململانێی حزبه‌ سیاسیه‌كان بوو له‌سه‌ر پشكیان له‌و ئه‌نجومه‌نه‌دا.

٨- بڕیاری حكومه‌ت بۆ پڕكردنه‌وه‌ی شوێنی وه‌زیره‌كان (باطل)ه‌، كاتێك پڕ ده‌كرێته‌وه‌ ئه‌گه‌ر وه‌زیر نه‌مێنێ یا خۆی داوا بكات، به‌ڵام ئه‌م بڕیاره‌ له‌ژێر ئیكراهه‌، هه‌ر بڕیارێكیش له‌ژێر ئیكراهدا بێت (باطل)ه‌ ، (المبني على الباطل باطل). ئه‌مه‌ش پێشێلكاریی یاسایه‌ كراوه‌.

٩- نادیده‌گرتن و پشتگوێ خستنی رۆڵی په‌رله‌مان له‌لایه‌ن حزبه‌سیاسیه‌كانه‌وه‌، كه‌ حیساب بۆ بڕیار و را و راسپارده‌كانی نه‌كراوه‌ به‌تایبه‌ت له‌مه‌سه‌له‌ی پرسی سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێمدا.

١٠- په‌رله‌مان له‌ ئاست لێپێچینه‌وه‌ له‌ ده‌سه‌لاتی جێبه‌جێكردن لاواز بووه‌ و له‌و ماوه‌یه‌دا نه‌یتوانیوه‌ سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و جێگره‌كه‌ی یا هیچ وه‌زیرێك بانگهێشتی په‌رله‌مان بكات بۆ لێپێچینه‌وه‌.

١١- جێبه‌جێ نه‌كردنی یاساو بڕیار و راسپارده‌كانی په‌رله‌مان له‌لایه‌ن ده‌سه‌لاتی جێبه‌جێ كردنه‌وه‌.

# پێشنیار و راسپاردەکان:

١- ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ٢٠١٥/١٠/١٢ و رێگە بە سەرۆکی پەرلەمان بدرێت بگەرێتەوە پەرلەمان و پەرلەمان دەست بە کاری ئاسایی خۆی بکاتەوە.

٢- هاوکات پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو پرسە چارەسەر نەکرێت، قەیرانەکان بەردەوام دەبن، پەرلەمان دەستبەکاریش بێتەوە نە دەتوانێت یاسا دەربکات و نە چاودێری حکومەتیش بکات.

٣- سەرجەم لایەنەکان هەست بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی بکەن بۆ تێپەراندنی ئەم دۆخەو کارکردن بە دەستە جەمعی، چونکە هەموفراکسیۆنەکان بەشدارن لە حکومەت و کەسیش ناتوانێ بەتەنها کار بکات و پێویستیان بە یەکتری هەیەو هیچ کامێکیشیان ناتوانن لەژێر باری بەرپرسیارێتی خۆیان بدزنەوە.

٤- فراکسیۆنەکان لەخۆبوردووانەتر کار بکەن و بەرژەوەندییە حزبیەکانیان بخەنە لاوەو لەئاست ئەرکەکانی ئەم قۆناغەدابن، کە قەیرانگەلێك بەرۆکی هەرێمی گرتووە.

٥- پەرلەمان زیاتر چاودێری ئیش و کارەکانی حکومەت بکات.

٦- لیژنەکانی پەرلەمان بە ئەرکی خۆیان هەلسن لە نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و کۆبوونەوەی زیاتر بکەن.

٧- حزبەکانی کوردستان کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، پشتگیری لە پەرلەمان بکەن وەك دامەزراوەیەکی نیشتیمانی لەپێناو دارشتنی یاساو چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردن، نەك نادیدەی بگرن و رۆڵی لەبەرچاو نەگرن و پەکی بخەن.

٨- لایەنە سیاسیە سەرەکیەکان لێك نزیك ببنەوەو هەرلایەو بەشێك لە سەقفی داواکاریەکانی بێتە خوارەوە بەمەبەستی سەرخستنی ئەو سازانەی باسیان دەکرد و رێککەوتنی سیاسیی لەسەر بکەن.

٩- پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە یاسا چارەسەر بکرێت و ئەو بۆشاییە یاساییەی هەیە پربکرێتەوە، بەرێکەوتنی لایەنە سیاسیە سەرەکیەکان بە شێوازێکی یاسایی رێگەیەك بدۆزرێتەوە کە هەرێم لەو قەیرانە دەرباز بکات. بۆ ئەوەی کوردستان لە بۆشایی یاسایی دا نەمێنێتەوە، چونکە تا پرسی سەرۆکایەتی چارەسەر نەکرێت نە پەرلەمان کارا دەکرێتەوە و نە پرۆسەی یاسایی لە دامەزراوەکاندا بەشێوەیەکی تەندروست بەرێوەدەچێ.

١٠- پەلە بکرێت لە نوسینەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان و کار بۆ ئەوە بکەن بخرێتە راپرسیەوە.

## پاشکۆی (١)

## هەڵسەنگاندنێکی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمان لە خولی چوارەمدا دەری کردوون

**یاساکان:**

١. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو. [١]

٢. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [٢]

٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی. [٣]

٤. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [٤]

٥. هەمواری یەکەمی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان. [٥]

٦. یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [٦]

---

[١] ئەم یاسایە تەنها یەك مادەی هەموارەو بۆ خولی داهاتوو، یاخود بۆ کابینەی داهاتووی حکومەتە و لەم کابینەیەدا جێبەجێ نەکرا.

[٢] ئەم یاسایە هەمان یاسای پێشترە و تەنها درێژکراوەتەوە بۆ دوو ساڵی تر.

[٣] هەرچەندە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پێکهێنراوە بەناو، بەڵام نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، پێداویستیەکانی بۆ دابین نەکراوەو بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانی بۆ دانەمەزرێنراوە، بەڕێوەبەرایەتیی شارەکانی پێك نەهێناوە. واتە تا ئێستا یاساکە شوێنی خۆی نەگرتووەو جێبەجێ نەکراوە.

[٤] دەرکردنی ئەم یاسایە کارێکی باشە بۆ ئەوەی بودجەی کوردستان لەدەست ئەو بەهەدەردانە زۆرەی حزبەکان دەرباز بێت، بەڵام لەکاتێکدا دەرکراوە کە هەرێم رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی بۆتەوەو جێبەجێ ناکرێت لەمەیدانی پراکتیکدا، بەڵام بەپێی یاساکە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە بەپێی ئەم یاسایە حکومەت قەرزاری حزبەکان دەبێت. بەپێی مادەی (٧)ی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ ی پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان–عیراق، هاتووە:"ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت". یاساکە لە وەقایعدا بلاو کراوەتەوە، واتە لەو کاتەوە یاساکە بەرکارەو حکومەت قەرزاری حزبەکانە.

[٥] ئەم یاسایە دووای مانگێك و (٩) رۆژ لە دەرچوونیەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە رەت کرایەوە، دوای (دوو مانگ و چوار رۆژ) رۆژ) لە رەتکردنەوەی، لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ سەرۆکایەتی خستیەوە بەرنامەی کار و دوای خست بۆ سەرەتای خولی گرێدانی ئایندە. بە بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠١٤/٨/١٨ دەرچووە، و بە نوسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (د.٤٩٧) لە ٢٠١٤/٨/٢٤ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ناردراوە، ئەم یاسایە رەد کراوەتەوە. بڕیار بوو لە خولی بەهارەی ٢٠١٥ بخرێتەوە بەرنامەی کار و پەسەند بکرێتەوە، بەڵام نەکرا.

[٦] یاسای زمانە فەرمیەکان لەئەنجامی نەشارەزایی ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەری حکومەتەوە لە کرۆکی بابەتەکە، لەکاتی پەسەندکردندا بەکەموکوڕییەوە تێپەڕێنرا، تا ئێستاش یاساکە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هیچ لایەن و دەزگایەك بەرپرس نەکراوە لە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی.

٧. یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.[١]

٨. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.[٢]

٩. یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.[٣]

١٠. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٤]

١١. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان.[٥]

١٢. یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان.[٦]

١٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان–عێراق.[٧]

١٤. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی ماف پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٨]

---

[١] ئەم یاسایە سەرەتا کاری نایاسایی لە خوێندنەوەی یەکەمیدا بوو، ئەو خوێندنەوەیەی لە دانیشتنی دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ بۆی کرا لەلایەن خودی دەستەی دەستپاکیەوە نێردرا بوو، ئەمەش کارێکی نایاسایی بوو چونکە دەستە بۆی نیە پرۆژە یاسا ئاراستەی پەرلەمان بکات. هەر بۆیە جارێکیتر لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ بۆ دووەم جار خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەمان پرۆژە کرایەوە کە ئەمجارەیان بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرابوو، یاساکە پەسەند کراو نارەزایی لێکەوتەوە، بۆیە سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوەو دواتر لە پەرلەمان دووبارە پەسەندکرایەوە.

[٢] ئەم یاسایە تەنها زیادکردنی پۆستی وەزیرێکی هەرێم (وەزیری بێ وەزارەت) بوو بۆ سەر ستافی ئەنجومەنی وەزیران بۆ رازیکردنی لایەنێکی سیاسی کە پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردرابوو.

[٣] ئەم یاسایە لەکاتی گفتوگۆکردنی بەمەبەستی پەسەندکردن لەلایەن پەرلەمانەوە، دەبوایە وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئامادەی گفتوگۆکە بێت، بەڵام بەڕێزیان سەرباری ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە ئاگاداریش کرابوونەوە، پێشێلی یاسایانکرد و ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون، بەپێی بەدواداچوونمان بەڕێزیان لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەچۆتە پەرلەمان، سەرباری ئەوەی ئەم یاسایە پەسەندکراوە بەڵام تا ئێستاش نە رێنمایی بۆ دەرچووەو و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنیشەوە.

[٤] ئەم یاسایە دەرچووە بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وەك پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو دامەزراوەکانی ئەم ئیدارەیە پێکنەهێنراون و ئەندامانی ئەنجومەنیش دەستنیشان نەکراون.

[٥] ئەم یاسایە تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

[٦] ئەم یاسا تا ئێستاش نە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

[٧] یاسایەکی تەوافوقییەو دەستی ئەندامانی لیژنەکەی بەستووە، لە یاساکەدا هاتووە کە لیژنەکە لە(٢١) ئەندام پێکدێت، بەڵام تا ئێستاش تەنها (٢٠) ئەندام دەستبەکار بوونە. وادەی دانراو بەپێی یاساکە کۆتایی هات، بەڵام ئیشەکانی لیژنە تەواو نەبووە. پێویست بوو لە پەرلەمان ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەڵام نەکراوە.

[٨] یەکێك لە یاسا باش و مەدەنیەکانە کە بواری پیادەکردنی مافەکانی هەریەك لە پێکهاتە ئایینی و ئیتنیەکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات گەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٥. ياساى ژماره (٦)ى سالى ٢٠١٥ هەموارى دووەمى ياساى جێبەجێ كردنى ياساى بارى كەسيەتى ژماره (١٨٨)ى ساڵى ١٩٥٩ى هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان–عێراق. [١]

١٦. ياساى ژماره (٧)ى ساڵى ٢٠١٥ى ياساى راكێشانى مايه لەرێگاى قەرزكردن لەهەرێمى كوردستان–عێراق. [٢]

١٧. ياساى ژماره (٨) ساڵى ٢٠١٥ ياساى ڕاگرتنى كاركردن بە ياساى بە كرێدانى خانووبەرە ژمارە (٩)ى ساڵى ٢٠٠٨ لە هەرێمى كوردستان–عيراق. [٣]

١٨. ياساى ماف و ئيمتيازاتى تاقانەكانى جينۆسايد لە هەرێمى كوردستان–عيراق. [٤]

## بڕيارەكان:

١–بڕيارى ژماره (١٦) بڕيارى ڕاگرتنى كاركردن بە بڕيارى ژمارە (٥٥)ى ساڵى ٢٠٠٤ و بڕيارى ژمارە (٧)ى ساڵى ١٩٩٢ى پەرلەمانى كوردستان ـ عێراق.

٢– بڕيارى ژماره (١٨) بڕيارى تايبەت بە هێزەكانى ناوخۆ و ئاسايش.

٣– بڕيارى ژماره (١٩) بڕيارى تايبەت بە هێزەكانى پێشمەرگە.

٤– بڕيارى ژماره (٢٣) بڕيارى ناونانى پارێزگاى هەڵەبجە بە پايتەختى ئاشتى كوردستان ـ عێراق.

٥– بڕيارى ژمارە (٢٤) بڕيارى پاڵپشتى كردنى گەلى ڕۆژئاواى كوردستان لە هەر شێوازێكى خۆبەڕێوەبردن.

٦– بڕيارى ژماره (٢٨) تايبەت بە ناردنى هێزى پێشمەرگەى هەرێمى كوردستان بۆ بەرگرى لە كۆبانێ.

٧– بڕيارى ژمارە (١)ى سالى ٢٠١٥ بڕيارى پاڵاوتن و پەسەندكردنى قائمقام و بەڕێوەبەرى ناحيە لە كوردستان ـ عێراق.

---

[١] ئەم ياسايە تا ئێستاش نە ڕێنمايى بۆ دەرچووەو دادگا وەك پێويست جێبەجێى ناكات و نە چۆتە بوارى جێبەجێكردنيشەوە.

[٢] ئەم ياسايە سەربارى ئەوەى نارەزايى زۆرى لەسەر بوو، لە دانيشتنى ئاسايى ژمارە (١٣)ى ڕۆژى (٢٠١٥/٦/٢) پەسەندكرا، بەڵام شێوازى پەسەندكردنەكەى نایاسايى بوو، چونكە لەكاتى گفتوگۆ و دەنگدانى بەشێكى زۆر لە مادەكانيدا نيصابى ياسايى ئەندامان لە هۆڵى كۆبوونەوەدا ئامادە نەبوون. دواتر بەهۆى ياداشت و بەدواداچوونى (ئەنستتيۆتى پەى) كە چاودێرى رەوشى پەسەندكردنى ياساكەى دەكرد، داوامان لە سەرۆكايەتى پەرلەمان كرد پەسەندكردنى ئەم ياسايە پێويستى بە دووبارە گەڕانەوەيە بۆ هۆلى پەرلەمان، چونكە پرۆسەى پەسەندكردنەكەى نایاسايى بووە. ئەوەبوو سەرۆكايەتى پەرلەمان دووبارە گێڕايەوە نێو هۆڵى پەرلەمان و لەدانيشتنى ژمارە (١٥)ى ڕۆژى (٢٠١٥/٦/١٦) دووبارە دەنگى لەسەر درايەوە. ئێستاشى لەگەڵدابێت ياساكە نەچۆتە بوارى جێبەجێكردنەوەو ئەنجومەنى وەزيران بەفەرمى ڕايگەياند كە پرۆسەى قەرزيان وەستاندووە.

[٣] ئەم ياسايە تەنها يەك مادەيە كە تيايدا ڕاگرتنى ياساكەى لە جێبەجێكردن ڕاگەياندووە وبۆ ماوەى ساڵێك دوايخستووە.

[٤] تا ئێستا ڕێنمايى بۆ ئەم ياسايە دەرنەچووە و نەچۆتە بوارى جێبەجێكردنەوە

## پاشکۆی (٢)

## پوختەی کاری پەرلەمان لە لە سەرەتـای دەست بەکار بوونیەوە تـا ئێستا

(٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٦/٢/٢٩)

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٧١ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٢٠٠ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێکراو | ١١٧ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٨٣ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٥٥ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ١٨ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٧ |
| ٨ | ژمارەی ڕاگەیاندراوی پەرلەمان | ٢٩ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٢ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون | ١٩ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٣ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٤ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٣٦٦ |
| ١٥ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١١٨ |
| ١٦ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٤٤ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٤٤٣ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ٢٠ | ژمارەی ئامادە نەبووانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ٩٧٠ |


چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان
راپۆرتی سێیەم
خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی دووەم


چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان
راپۆرتی دووەم
خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی دووەم


2014
PAY INSTITUTE
For Education & Development
پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان
2014/11/6 - 2013/11/6


مراقبة وتقييم
اعمال البرلمان الكوردستاني
التقرير الثاني


National Endowment for Democracy
چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی
پەرلەمانی کوردستان



NED
پێشێلکاریی یاسایی و
پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان
راپۆرتی چوارەم


National Endowment for Democracy
مراقبة وتقييم أعمال
البرلمان الكوردستاني


NED
الخروقات القانونية
حيال برلمان كوردستان و تعطيله


مراقبة وتقييم
اعمال البرلمان الكوردستاني
التقرير الثالث


NED
Legal Breaches
of the Kurdistan Parliament
and its Paralysis
The Fourth Report
Fourth parliamentary term - third session


National Endowment
for Democracy
Monitoring and Evaluation
For The Kurdistan Parliament